# هەڵەبجەو یادی 3/16

## نووسینی : عەلی کەرکوکی

هەموو ساڵێک
لەم ڕۆژەدا ... لە یادی کارەساتی هەڵەبجە !!!!!
چاوەکانم ...بۆ ماوەیەک دەنووقێنم .
سەرم دادەخەم و دەگریم
تاکوو 5000 فرمێسکی خوێن ...
بۆشەهیدان ... بباریێنم .

❊ ❊ ❊

دەچمە ناو دونیای خەیاڵ و ...
جەستەم ... دەکەم بە باڵداریَ
دەفرِم و دەفرِم و دەفرِم
تاکوو دەگەمە هەڵەبجەو ...
لای شەهیدان ... دێمە خواریَ

❊ ❊ ❊

ئەو کاتەی چاوی خەیاڵ ...

گۆڕی بە کۆمەڵی وان دەبینێ !!!
زمانم دێنێتە گۆ و .. ویژدانیشم دەجووڵێنێ .
پڕ بە دەنگم هاوار دەکەم و .. دەگریم .
تا هاوارم ...
ئاگا ... بەڕووحی پاکی ئەوان دێنێ .

❊ ❊ ❊

لە ڕووحیاندا ...
چاوی پڕ خۆزگەو ئاواتیان دەمدوێنێ .
جەستەی شەکەت و ماندویان دەمهاژێنێ .
ئەو کاتەی چاوی منیش .. لەچاویاندا
ترس و هاوارو گریان دەبینێ .
ئەوسا .. خەیاڵی منیش دەپچڕێ و ...
بۆ جیهانی پڕ ئەشکەنجە .. ئاگام دێنێ !!! .

❊ ❊ ❊